# شەر یان ئاشبەتاڵ

## ئەمە بڕیاری نەتەوەی کوردە دوای ساغ بوونەوەی دەستووری عێڕاق

## سەکۆی سەربەخۆیی کوردستان [ س.س.ک] 2003-08-25

دیسان ئەمڕۆ ئاشبەتاڵێکی تری سیاسی بە دۆزی کورد ئەکرێت بەڵام ئەم جارەیان ئاغایانی خۆسەپاوی کورد مۆری دەکەن ، بێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ دەنگی گەل...!!! تەنانەت پەڕلەمانی کوردستان دەورێکی کارتۆنی بینی ( وەک پەڕلەمانی سەرۆک خۆی ساغ کردەوە ).

ئێمە وەک سەکۆ ئەڵێین : کوا دڵ و قودسی کوردستان، کوا ناوی پیرۆزی پێژمەرگە کە هەموو داگیرکەران زریکەیان لێ ئەکرد، کوا سەروەت و سامانی کوردستان ، کوا مافی چارەنووس ، کوا ناسنامەی کورد و کوردستان ، کوا سنووری کوردستان ، کوا فیدراڵی نەتەوەیی ، تەنانەت سەرۆکی هەرێم ناسنامەی خۆی وونکردووە (ئایا ئەبێت سەرۆکی کام هەرێمی عێراق بێت)؟، ناوی هەزارەها گوندی کاولکراوی کوردستانتان گۆڕییەوە ، بە ناوی گوندی بەشیری تورکمان لەری..!! ئەی سەرانی کورد : کەی کورد ئارەزوو مەندانە چۆتەوە عێراق گەر مەزاد و ئارەزووی ئێوە نەبێت؟ چۆن دادگایی کوردێک ئەکەن گەر داوایی سەربەخۆیی کوردستانی کرد بەپێی ئەو دەستوورە کۆنەپەرستە. ئەو دەستوورە ڕەشە، خەڵکی سەرتاسەری کوردستان چەمۆڵەی لێئەنێن ( ئێمە دەستووری دەوڵەتی کوردستانمان ئەوێت)، ئەو دەستوورە تەنها حەزو بەرژەوەندییەکانی ئێوە و پیاوەکانتان دابین ئەکات بۆ مانەوەتان.

بانگەوازمان بۆ سەرجەم گەلی کورد لە سەرتاسەری کوردستانی گەورە، لەبەر ئەستووری خیانەتەکان و دەرچونی بێوژدانییەکانی سەرانی کورد ، تکایە وەرن بە دەنگمانەوە، گەر بڕواتان بە ئازادی و سەروەری نەتەوەکەتانە ، چیتر شەرمە ئێمەی ڕۆشەنبیر و خۆ بەکورد زان بێهەڵوێست دانیشینو چاوەڕوانی ئەنفالی داهاتوو بکەین ، هەڵوێستی خەڵکی ڕۆشنبیر ئەمڕۆ لەبەر مەحەکدایە..!!! با کۆنفراسێکی نەتەوەیی کوردستانی ساز بکەین بۆ سەرجەم خەڵکی کورد لە دەرەوە و ناوەوەیی کوردستان، تا وەڵامێک بێت بۆ ئەم دەستوورەی کە ووشەی کورد و کوردستان تێیدا قەدەغەیە . تا وەڵەمێک بێت بۆ داگیرکەران و ئەمریکا و ئەڵقەلەگوێکانیان ، کە ناتوانن وویژدانی سەرجەم خەڵکی کورد بکڕن، هاواری ئێمە و دروشمی سەکۆ دەوڵەتی کوردییە . کەمتر لە دەوڵەت بە ڕەوای نازانین بۆ نەتەوەیەکی پەنجا ملیۆنی ، تەنها دەوڵەتی کوردییە کۆتایی بهێنێت بە دەسەڵاتی داگیرکەران .

ئەی هاوبیرانی ڕێگای کوردایەتی چاوەڕوانی هەڵوێست و گورزی وەشاوتانین دژ بە کەلەسەری وولاتانی سەرکوتکەر .

سەرکوتن بۆ ئەو گەلانەیە کە ڕێگەی ڕزگاری ژیانی نوێ هەڵدەبژێرن..!!

هەموو خەبات لە پێناوی ڕزگاری سەرتاسەری خاکی کوردستانی داگیرکراو

بۆ پەیوەندی تکایە sekoikurdstan@walla.com

سەکۆی سەبەرخۆیی کوردستان 2005-08-25